# ڕێبەری یان مەرجەعییەت؟ داهاتووی شیعە لە تاقیکردنەوەی پاش خامنەییدا

**د. یاسین تەها** پسپۆڕ لە مێژووی ئاینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

دەسپێک

نەمانی "ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی" وەک ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و سەرکەوتنی "موجتەبا"ی کوڕی بۆ لووتکەی هەڕەمی دەسەڵات، تەنیا گۆڕانکارییەک نییە لە کارەکتەرەکاندا، بەڵکوو وروووژاندنی پرسێکی ستراتیژییە: لە ململانێی نێوان "دەوڵەت" و "مەزهەب"دا، کێ دەبێتە قیبلەنمای نوێی شیعە لە ناوچەکە و جیهاندا؟

ئەم وەرچەرخانە تێزی "ویلایەتی فەقیهـ" دەخاتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی: ئایا ئەو سیستەمەی پاش ١٩٧٩ شەرعییەتی خۆی لە کاریزمای "وەلیی فەقیهـ"دا چڕ کردبووەوە، دەتوانێت بەبێ خامنەیی پارێزگاری لە هەژموونی خۆی بکات؟ یان لە سایەی موجتەبای کوڕیدا لەبەردەم مۆدێلە نەیار و کەنارگیرەکاندا پاشەکشە دەکات؟

ئەم شرۆڤەیە تیشک دەخاتە سەر گۆڕانکارییەکانی "نەخشەی شیعەگەری" لە قۆناغی پاش خامنەیی و سیناریۆکانی بەردەم ئەو دەسەڵاتە مەزهەبییە دەخوێنێتەوە.

**ویلایەتی فەقیهـ وەك وەرچەرخانێك لە ژینگەی شیعیدا**

بۆ چەندان سەدە، بیری سیاسیی شیعە لەناو کایەیەکی "کەنارگیر" و "چاوەڕوانکەر"دا قەتیس بوو؛ دۆخێک کە تێیدا شەرعییەتی حوکمڕانیی ڕەها، تەنیا وەک مافێکی پیرۆز بۆ "ئیمامی دوازدەیەم" (فریادڕەسی چاوەڕوانکراو) پارێزرابوو. بەڵام ئایەتوڵڵا خومەینی، بە داڕشتنەوە و پەرەپێدانی تێزی "ویلایەتی فەقیهـ"، ئەم بێدەنگییە مێژووییەی شکاند و دەرچەیەکی نوێی بۆ حوکمڕانیی ڕاستەوخۆی پیاوانی ئایینی کردەوە. ئەم تێزە لە ڕووی فیقهییەوە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە لە سەردەمی پەنهانیی "ئیمامی مەهدی"دا (الغیبة)، نابێت کاروباری موسڵمانان بێسەرپەرشت بمێنێتەوە، بەڵکوو پێویستە "شەرعزانێکی هەڵگری کۆمەرج" (جامع الشرائط) جڵەوی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بگرێتە دەست[1].

"لەم چوارچێوەیەدا، "فەقیهـ" یان شەرعزان تەنیا وەک ڕێبەرێکی ڕۆحی و ئایینی نامێنێتەوە، بەڵکوو دەبێتە فەرمانڕەوایەکی شەرعیی خاوەن دەسەڵات کە زۆربەی ئەرک و دەسەڵاتەکانی "ئیمامی مەعسووم"ی پێ سپێردراوە. بەپێی ئەم تێزە، "وەلیی فەقیهـ" لە ڕووی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و جێبەجێکردنی حوکمەکاندا، هەمان پێگەی ئیمامی هەیە؛ تەنیا بە یەک جیاوازیی ورد نەبێت، ئەویش پرسی "جیهادی سەرەتایی" (الجهاد الابتدائي)یە، کە بەپێی تێڕوانینی فیقهی، تەنیا لە تایبەتمەندییە پیرۆزەکانی ئیمامی مەعسوومە و شەرعزانی بریکار ناتوانێت دەستی بۆ ببات، ئەم جیهادەش بۆ فراوانخوازی و پەلهاویشتن و پەلاماردانە [2].

ئەو وەرچەرخانە فیکرییەی "ویلایەتی فەقیە" هێنایە کایەوە، تەنیا لە سنووری کایە تیۆرییەکاندا نەمایەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی پرۆسەی دامەزراوەییبوونەوە، بەڕێوەبردنی دەوڵەت و تەواوی کایەکانی ژیان دەخاتە ژێر ڕکێفی شەرعزانەوە و دەسەڵاتە سیاسییە سنووردارەکەی دەکاتە ڕەها. ئەم تیۆرە دواتر وەک بڕبڕەی پشتی بونیادی دەستووریی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناسێنرا و لە ماددەکانی (٥، ٥٧، ١٠٧، و ١٠٩ تا ١١٢)دا، پێگەی "ڕێبەر" وەک مەرجەعێکی باڵا و سەروودەسەڵاتەکانی وڵات چەسپێنرا[3] .

لەم ئەزموونەدا، مۆدێلێکی سیاسیی "دووفاقی" بەرجەستە بووە: کۆمارێکی شکڵی لە ئاوێتەبوونێکی ئاڵۆزدا لەگەڵ "مەرجەعییەتێکی تیۆکراسی"، کە تێیدا دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان لە پەراوێزی دەسەڵاتە باڵاکانی "وەلیی فەقیهـ"دا کار دەکەن. لەم سیستەمەدا، ڕێبەر تەنیا لووتکەی هەڕەمی سیاسی نییە، بەڵکوو قۆرخکاری ڕەهای بڕیاری کۆتایی و سەرچاوەی شەرعییەتدانە بە تەواوی جومگەکانی حوکمڕانی[4].

لە پرۆسەی پیادەکردنی ئەم مۆدێلە سیاسییەدا، دەتوانین ئاماژە بە دوو وێستگەی مێژوویی جیاواز و یەکلاکەرەوە بکەین کە سیمای دەسەڵاتیان لە ئێراندا کێشاوە؛ یەکەمیان قۆناغی دامەزراندن و دووەمیان چەسپاندن و بۆ دامەزراوەییکردنە:

١. سەردەمی خومەینی (١٩٧٩-١٩٨٩): ئەمە قۆناغی ڕێبەریی کاریزماتیک و مەرجەعییەتە، ئایەتوڵڵا خومەینی وەک "مەرجەعێکی تەقلیدیی باڵا" و ڕێبەرێکی کاریزمای شۆڕش دەرکەوت. لەم قۆناغەدا، دەسەڵاتەکەی ئەو ئاوێتەیەکی بێوێنە بوو لە شەرعییەتی ئایینیی کلاسیک و هێزی شۆڕشگێڕی. خومەینی پێویستی بە دامەزراوەی ئاڵۆز نەبوو بۆ چەسپاندنی بڕیارەکانی، چونکە پێگەی ئایینیی ئەو وەک "مەرجەع" و پێگەی سیاسیی وەک "ڕێبەری شۆڕش"، دوو جەمسەری هێزیان بۆ دروستکردبوو، لە ڕێگەیەشەوە بوو بە خاوەن جەماوەرێکی بەرفراوان.

٢. سەردەمی خامنەیی (١٩٨٩_ ئێستا): ئەمەیان قۆناغی دامەزراوەییبوونی دەسەڵاتی سیاسییە، بە کۆچی دواییی خومەینی، سیستەمەکە ڕووبەڕووی قەیرانی شەرعییەت بووەوە، چونکە عەلی خامنەیی لە کاتی دەستنیشانکردنیدا پلەی "مەرجەعییەت"ی نەبوو و تەنیا لە ئاستی "ئیجتیهاد"دا بوو. ئەم بۆشاییە فیقهییە، بووە هۆی هەمواری دەستوور لە ساڵی ١٩٨٩، کە تێیدا مەرجی "مەرجەعبوون" بۆ ڕێبەر لا درا. لێرەوە سیستەمەکە لە مۆدێلی "مەرجەع-ڕێبەر"ەوە بەرەو مۆدێلی "ڕێبەری سیاسیی خاوەن دەسەڵاتی "ویلایەتی فەقیهـ" وەرچەرخا، هەر ئەمەش لە ئێستادا ڕێگەی خۆش کرد بۆ "موجتەبا"ی کوڕی کە بەبێ ئەوەی پلەی مەرجەعی هەبێت وەك "وەلی فەقیە" دیاری بکرێت.

خامنەیی لە ڕێگەی "ئەندازیاریی دامەزراوەیی"یەوە، توانیی جومگە ستراتیژییەکانی دەوڵەت (وەک سوپای پاسداران، ئیمپراتۆرییەتە ئابوورییەکان و دەسەڵاتی دادوەری بە جۆرێک دابڕێژێتەوە کە ببنە شوێنکەوتەی دامەزراوەی ڕێبەرایەتی. لەم قۆناغەدا، دەسەڵات لە "کاریزمای کەسی"یەوە گۆڕا بۆ "هێزی دامەزراوەیی و سەربازی"، لەم نێوەندەشدا ڕێبەر وەک فەرماندەی گشتی و چەقی بڕیارە سیاسییەکان دەرکەوت [5].

ئەزموونی "ویلایەتی فەقیە"ی ئێران لە هەردوو قۆناغەکەیدا و لە مێژووی 47 ساڵەی خۆیدا لەگەڵ "قوتابخانەی نەجەف" کە ئێستا ئایەتوڵڵا سیستانی ڕێبەرایەتی دەکات، ڕووبەڕووی بەریەککەوتنێکی فیکری و ستراتیژی دەبێتەوە. سیستانی کە نوێنەرایەتیی مۆدێلێکی سەدان ساڵەی "نا-ڕەها" لە ویلایەتی فەقیهـ دەکات، لە ڕووی تیۆرییەوە پشتیوانی لە تێوەگلانی ڕاستەوخۆی پیاوانی ئایینی لە جومگەکانی دەسەڵاتدا

ناکات، لە بری ئەوەش مۆدێلێکی “مەدەنییانەتر” بۆ حوکمڕانی پێشنیار دەکات. لە دیدگەی قوتابخانەی نەجەفدا، ئەرکی پیاوی ئایینی بریتی نییە لە گرتنەدەستی پۆستی فەرمی یان بەڕێوەبردنی حکوومەت، بەڵکوو پاراستنی سەقامگیریی کۆمەڵگە و ڕێنماییکردنی ڕەوشتییە[6]. هەرچەندە ئایەتوڵڵا سیستانی لەدوای ٢٠٠٣وە وەک کارەکتەرێکی سیاسیی یەکلاکەرەوە دەرکەوتووە (بەتایبەت لە ڕێگەی دەستوەردان لە دەستوور و فەتوای مێژوویی “جیهادی کیفائی” دژی داعش و کۆمەڵێك جومگەی دیکە)، بەڵام ئەم دەستێوەردانانە لای ئەو نەک وەک “هەوڵێک بۆ حوکمڕانی”، بەڵکوو وەک ئەرکێکی “پارێزگاری لە دەوڵەت” و قەوارەی نیشتمانی پێناسە دەکرێن.

جیاوازییەکی تری بنەڕەتی لە نێوان ئەم دوو جەمسەرەدا، پرسی “سنووورە نیشتمانییەکان”ـە؛ مەرجەعییەتی نەجەف ڕێز لە سەروەریی دەوڵەت و سنووورە نێودەوڵەتییەکان دەگرێت و ناسنامەی شیعە لە چوارچێوەی نیشتمانپەروەریدا دەبینێتەوە. لە بەرامبەردا، تیۆری ویلایەتی فەقیهی ئێرانی، تیۆرێکی “تێپەڕێنەری سنوورەکانە”؛ ئەم مۆدێلە داوای وەلائی سیاسی ڕەها لە هەموو شیعەکانی جیهان دەکات بۆ “وەلیی فەقیه”، بێ گوێدانە ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانییان. ئەمەیش وا دەکات هەژموونی تاران لە ڕەهەندێکی ئایینییەوە بەرەو پرۆژەیەکی جیۆپۆلیتیکیی فراوانتر هەنگاو بنێت.

### ڕکابەرەکانی ویلایەتی فەقیه لە نەجف و قومدا

هەرچەندە تێزی “ویلایەتی فەقیه” وەک بەرهەمێکی ڕەسەنی حەوزەی ئایینیی قوم وێنا دەکرێت، بەڵام وردبوونەوە لە نەخشەی فیکریی شیعە نیشانی دەدات کە ئەم مۆدێلە تەنانەت لەناو جەرگەی قومیشدا بێڕکابەر نەبووە. لووتکەی مەرجەعییەتی تەقلید لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران، نەک تەنیا لەگەڵ دیدگەی سیاسیی خومەینی و خامنەیی تەبا نەبوون، بەڵکوو کۆمەڵێک تێزی جێگرەوە (بەدیل) یان پێشنیار کردووە کە شەرعییەتی “حوکمڕانیی ڕەهای فەقیه” دەخەنە ژێر پرسیارەوە. دیارترین ئەو تێڕوانینە جیاوازانە بریتین لە: تێزی “ویلایەتی ئوممەت بەسەر خۆیەوە” کە تێیدا سەرچاوەی دەسەڵات بۆ خەڵک دەگەڕێنرێتەوە؛ پرۆژەی “شوورای مەرجەعەکان” کە وەک پەرچەکردارێک دژی تاکڕەویی ڕێبەر، داوای بڕیاری بەکۆمەڵ دەکات؛ تەنانەت ڕەوتی نەریتییش لە سەردەمی پەنهانی ئیمامدا (الغيبة) لە بنەڕەتەوە لەگەڵ ویلایەتی سیاسی شەرعزاندا نییە[7]، لەم میانەیەشدا مەرجەعە هەرە باڵاکانی وەک “ئایەتوڵڵا محەمەدعەلی ئەراکی” و “ئایەتوڵڵا محەمەدڕەزا گوڵپایگانی”، سەرەڕای نیشتەجێبوونیان لە ئێران، تا کۆتاییی تەمەنیان لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکان بڕوایان بە “دەسەڵاتی ڕەهای فەقیه” نەبووە و پارێزگارییان لە سەربەخۆیی مەرجەعییەت کردووە. لە ئێستایشدا، “ئایەتوڵلا وەحید خۆراسانی” کە وەک یەکێک لە پایە هەرە بەهێزەکانی حەوزەی قوم دەبینرێت، نوێنەرایەتیی ئەو دەنگە کاریگەرە دەکات کە بەتوندی دژی ئاوێتەکردنی “دامەزراوەی مەرجەعییەت”ە لەگەڵ “حوکمڕانیی سیاسی”[8].

ئەم درزە فیکرییانەی نێوان “ویلایەتی فەقیە”و دژبەرەکانی لە قوم کاتێک قووڵتر بوونەوە کە “پراگماتیزمی سیاسی”ی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕووی دروشمە مەزهەبییەکان وەستایەوە. دەوڵەتی ئێران لە هەندێك وێستگەدا ناچار بووە لە پێناو “بەرژەوەندیی باڵای سیستەم” (مصلحة النظام)، هەندێک لە بنەما فیقهییەکان پشتگوێ بخات یان مامەڵەی سیاسی لەگەڵ لایەن و دەوڵەتانێکدا بکات کە بەتەواوەتی لەگەڵ بنەما مەزهەبییەکانی تاراندا ناکۆکن.

لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا، دامەزراوەی ویلایەتی فەقیهـ بۆ چەسپاندنی هەژموونی خۆی، پەنای بۆ ستراتیژی "پاکتاوی فیکری و سیاسی" بردووە. ئەو پێڕستەی مەرجەع و بیرمەندانەی کە بەهۆی دیدگە ڕەخنەییەکانیانەوە ڕووبەڕووی گوشاری سیستەماتیک بوونەتەوە، یەکجار درێژە؛ ئەمە لە کەسایەتییە باڵاکانی وەک "ئایەتوڵلا شەریعەتمەداری" و "ئایەتوڵلا مونتەزیری"یەوە دەست پێ دەکات —کە ڕۆژانێک لە جەمسەرە هەرە بەهێزەکانی مەرجەعییەت بوون— و تا دەگاتە ڕۆشنبیرانی وەک "عەبدولکەریم سروش" و "موحسین کەدیوەر" و سەرجەمیان بەجۆرێك لە جۆرەکان یان دەستبەدەرکراون یان خراونەتە ژێر زەبرەوە.

ئەم گوشارە بەردەوامانە بوونەتە هۆی ئەوەی حەوزەی ئایینی قوم، وەک دامەزراوەیەکی سەربەخۆ، پێگەی مێژوویی خۆی لەدەست بدات و تا ئاستێکی زۆر لەناو پرۆژە سیاسییەکەی "خومەینی-خامنەیی"دا بتوێتەوە[9]. لێرەدا، حەوزە لە "ناوەندێکی بەرهەمهێنانی مەعریفەی ئایینی سەربەخۆ"وە، گۆڕدراوە بۆ "ئامرازێکی شەرعییەتدان بە دەسەڵاتی سیاسی". لە بەرامبەردا، مۆدێلی نەجەف وەک جەمسەرێکی پێچەوانە دەردەکەوێت؛ دامەزراوەیەک کە سەرەڕای هەموو ئاڵنگاری و یەخانگیرییەکان، توانیویەتی سەربەخۆیی خۆی لە دەسەڵاتی سیاسی بپارێزێت و بە پابەندبوون بە تیۆری "ویلایەتی بەرتەسک و سنوردار" (الولایة المحددة)، ڕێگری بکات لەوەی ئایین ببێتە پاشکۆی ئەجێندا سیاسییە کاتییەکان.

هێزی ڕاستەقینەی "ویلایەتی فەقیهـ" تەنیا لە فەتوادا نییە، بەڵکوو لە دامەزراوەییبووندایە. پرۆژەی ئێرانی چەند سەرچاوەیەکی هێزی هەیە کە مەرجەعییەتە نەریتییەکانی وەک نەجەف تا ڕاددەیەك نییانە، ئەوانیش بریتین لە: شەرعییەتی دەستووری و یاسایی، کە دەسەڵاتی ڕەهای پێ دەدات، تۆڕی ئابووری و سەربازی، بەتایبەت سوپای پاسداران و گرووپە چەکدارەکانی ناوچەکە لەگەڵ دیسپلینی ڕێکخراوەیی؛ لە کاتێکدا مەرجەعە نەریتییەکانی تر تەنیا پشت بە "شوێنکەوتەی ئایینی" دەبەستن.

**سیناریۆکانی پاش خامنەیی: جیهانی شیعە لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی مێژووییدا**

نەمانی کتوپڕی ئایەتوڵلا خامنەیی، تەنیا بۆشاییەک لە لوتکەی دەسەڵاتی تاراندا دروست ناکات، بەڵکوو لەرزە لە تەواوی ئەو جوگرافیا سیاسییەی شیعە دەدات کە لەژێر چەتری "ویلایەتی فەقیهـ"دا کۆ کراونەتەوە. هەرچەندە پشتئەستوور بە دەستوور، لە نۆیەم ڕۆژی کوژرانی ئایەتوڵلا خامنەییدا موجتەبای کوڕی بە جێگرەوەی دیاری کرا، بەڵام دۆخەکە لەم هەنگاوە ئاڵۆزترە:

بەپێی دەستوور، ئەرکی دیاریکردنی ڕێبەری نوێ لە ئەستۆی "ئەنجومەنی شارەزایان"دایە (کە لە ٨٨ شەرعزان پێک دێت)[10]، بەڵام ئەم ئەنجومەنە لە مێژووی خۆیدا و پێش لە ڕاگەیاندنی موجتەبا وەك ڕابەر تەنیا یەک جار (لە ساڵی ١٩٨٩دا) ئەم دەسەڵاتەی بەکار هێناوە؛ ئەو کاتەیش بڕیارەکە زیاتر دەرەنجامی ڕێککەوتنێکی سیاسیی پشتپەردە بوو نەک پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی نموونەیی[11].

لە ئەزموونی دووەمیشدا کە لە سایەی دۆخی جەنگدا بەڕێوەچوو، جێبەجێکردنی ماددەی پێنجەمی دەستوور (کە داوای شەرعزانێکی "دادپەروەر، سەردەمانە، ئازا و خاوەن لێهاتوویی بەڕێوەبردن" دەکات[12]) زیاتر وەک مەیدانخوازییەک جێبەجێ کرا. لەبەر پاساوە ئەمنی و سیمبولییەکان و لەژێر هەژموونی "بەیتی ڕێبەر"دا، ئەم کەوا گەورەیە لەبەری موجتەبای کوڕی ئایەتوڵلا خامنەیی کرا؛ ئەمە لە کاتێکدایە کە ناوبراو سەرباری هێزە شاراوە و کاریگەرییەکانی لە پشتپەردەدا، هێشتا لەسەر ئاستی

جەماوەری وەک کەسایەتییەکی دیار دەرنەکەوتووە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێشهاتە جومگەییەش دەشێت چەند پێشهات و سیناریۆیەك لەبەردەم "ولایەتی فەقیه"ی ئێران و دەسەڵاتی ئایینی شیعە لە ناوچەکەدا پێشبینی بکرێت:

**یەکەم، لەسەر ئاستی ناوخۆی ئێران:**

1. ڕێبەرێکی پەنهان؛ تێڕوانینی ناوەندە دەرەکییەکان: ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل لەگەڵ بژاردەی ڕێبەرێکی "ڕەها" بۆ ئێران نین، بەتایبەت موجتەبا و ئەمەشیان ڕاگەیاندووە[13]. ئەم ناڕازیبوونە، ئەگەری تیرۆرکردن وەک بژاردەیەکی کراوە دەهێڵێتەوە، ئەمەش وڵاتەکە بەرەو قەیرانی شەرعییەتی سەرکردایەتی دەبات. لە دۆخێکی وەهادا، پاراستنی ئاسایشی کەسی دەبێتە لەپێشینەترین ئەرکی ڕابەر، ئەمەش ناچاری دەکات لە پەنهانیدا بمێنێتەوە و لە هەموو جۆرە دەرکەوتنێکی گشتی بەدوور بگرێت.
2. **ڕێبەری میراتگر:** لەپاش کوژرانی باوکی بەبێ بیرکردنەوە موجتەبا وەك جێگرەوەی باوکی تەماشا دەکرا[14]. دواتریش "ئەنجومەنی شارەزایانی سەرکردایەتی" (خبرگان) بە فەرمی وەک ڕێبەر ڕایانگەیاند؛ بەم هەنگاوەش کۆماری ئیسلامیی ئێران چووە قۆناغی "میراتگریی سیاسی" و بە کردەیی دوایین تایبەتمەندییەکانی کۆماریبوونی ڕاستەقینەی لەدەستدا. لایەنی ئەرێنیی ئەم بژاردەیە بۆ سیستەمەکە ئەوەیە کە موجتەبا خامنەیی لە وردەکاریی دۆسیە ئەمنی و سیاسییەکاندا نوقم بووە و خاوەن توانای بڕیاردانی خێرایە؛ ئەمەش بۆ مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە کاتی قەیرانەکاندا فاکتەرێکی یەکلاکەرەوەیە. تەنانەت ڕزگاربوونی لە هەوڵی تیرۆرکردن، دەکرێت وەک ئاماژەیەک بۆ هەبوونی پلانێکی پێشوەختەی جێگرتنەوەی باوکی لێک بدرێتەوە. ناوبراو توانای ئەوەی هەیە باڵە کەنارگیر و شۆڕشگێڕ و خاوەن هەژموونەکان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، هاوکات خاوەن دەسەڵاتی سیاسییە بۆ سازش و دانوستان لەگەڵ ئەمریکا. بەڵام کێشەی گەورە لەوەدایە کە موجتەبا وەک "مەرجەعێکی تەقلید" ناناسرێت و پلەی "ئایەتوڵڵا"ی بە شێوەیەکی تیۆری پێ بەخشراوە؛ ئەو بە پێچەوانەی مەرجەعەکان، خاوەنی "الرسالة العملية" نییە. بەرزکردنەوەی ئەو بۆ مەقامی ڕێبەری، دەکرێت ناڕەزایەتییەکی قووڵ لەناو حەوزە ئایینییەکاندا دروست بکات کە دژی "میراتگریی ئایینی" (تەوریس)ن.
3. ڕابەرێکی ڕەمزی و بێدەسەڵات: هەر کەسێک لە جێگرەوەی ئایەتوڵڵا خامنەیی دا دیاری بکرایە (جگە لە موجتەبا)، ئەگەر هەبوو زیاتر ناوێکی ڕەمزی بێت. لەم سیناریۆیەدا، کاریزمای ئایینی ڕێبەر کاڵ دەبوویەوە و دەسەڵاتی ڕاستەقینە دەکەوتە دەست دامەزراوە ئەمنییەکان و سوپای پاسداران. واتە سیستەمەکە لە "تیۆکراسییەکی مەرجەعییەت"ەوە دەگۆڕا بۆ "تاقمێکی ئەمنی و سیاسی" کە ئێستا جەنگەکە بەڕێوە دەبەن. لەم سیناریۆیەشدا موجتەبا بەدەر نییە، چونکە سەرباری ئەوەی لەسەر تواناکانی و لێوەشاوەیی دەگوترێت، جگە لە میراتگری زیاتر وەک "کاندیدی سوپای پاسداران" دەبینرێت نەک وەک مەرجەعێکی ڕۆحی ڕاستەقینەی پێگەیشتوو.
4. مۆدێلی نەجەف وەک پەناگە: بەهۆی ئەو تەنگژانەی ویلایەتی فەقیه بۆ ئێرانی دروست کردووە، دەشێت ڕەوتێکی ناوخۆیی دروست بێت کە داوای گەڕانەوە بۆ مۆدێلی ویلایەتی سنووردار یان بێدەنگ (هاوشێوەی نەجەف) بکات؛ مۆدێلێک کە تێیدا مەرجەع تەنیا ئامۆژگاریکار بێت نەک حوکمڕان. ئەمە دەبێتە هۆی بچووککردنەوەی دەسەڵاتەکانی ڕێبەر لە بەرژەوەندیی دامەزراوە

هەڵبژێردراوەکانی تردا.

5. بووژانەوەی حەوزەی سەربەخۆ: نەمانی خامنەیی ئەگەری بووژانەوەی حەوزەی قوم دەڕەخسێنێت تا دووبارە سەربەخۆیی خۆی بەدەست بهێنێتەوە. لەناو ئەم حەوزەیەدا مەرجەعی کاریگەر هەن کە ئەم ڕەوتە پێیان وایە مەرجەعییەت تەنیا لەبەردەم خودا و ئیمامدا بەرپرسیارە، نەک لەژێر ڕکێفی مەقامە سیاسییەکاندا [15]، ئەگەر موجتەبا وەك باوکی نەتوانێت پێشیان پێ بگرێت ئەوە دەشێت وەك لەمپەرێك لەبەردەم ویلایەتی فەقیهدا ببوژێنەوە.

**دووەم: لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و جیهانی شیعە**

نەمانی خامنەیی تەنیا لەرینەوەیەک نییە لە ناوخۆی ئێران، بەڵکوو بوومەلەرزەیەکە بۆ ئەو بونیادە "بان-نەتەوەیی"یەی کە بۆ چەندان دەیە لە لوبنان، عێراق، یەمەن، بەحرێن و تەنانەت لە نێوان شیعەکانی پاکستان و هیندستانیشدا چێنراوە، پڕکردنەوەی ئەمەش بە کوڕەکەی کە پێشتر کەس گوێی لە وتارێکی دەنگ و ڕەنگی نەبووە هەروا ئاسان نییە.

لێرەدا دەتوانین گرنگترین ئاڵۆزییەکان لە چەند خاڵێکدا چڕ بکەینەوە:

1. هاوپەیمانیی سیاسیی شیعە "وەلائییەکان" لە ناوچەکەدا، پێوەندییەکی ڕۆحی و عەقیدییی قووڵیان بە شەخسی خامنەییەوە هەبوو. نەمانی ئەو، دەشێت ئەم پەیوەندییە لە "تەقلیدی مەزهەبی"یەوە بگۆڕێت بۆ تەنیا "هاوپەیمانیی سیاسی". واتە گرووپە چەکدارەکان و حزبەکان، لەمەولا ئێران وەک "سەرچاوەی شەرعییەت" نەبینن، بەڵکوو وەک "هاوبەشێکی ستراتیژی". ئەمەیش وا دەکات پەیوەندییەکە لە "کەسی و کاریزماتیک"ەوە بەرەو "دامەزراوەییبوون" بڕوات، کە بێ گومان کاریگەری و تینی جاران نامێنێت.
2. هەژموونی سیستانی بۆ ماوەی دوو دەیە، ململانێیەکی ساردی لەگەڵ هەژموونی خامنەییدا هەبوو. تاران لە ڕێگەی "ڕژاندنی پارە" و مووچەی فەقێیەکان و وەبەرهێنان لە نۆژەنکردنەوەی مەزارگەکاندا، هەوڵی دەدا پێگەی نەجەف لاواز بکات و قورساییی فەتوا بۆ ئێران بگوازێتەوە[16]. بەڵام نەمانی خامنەیی گوشارەکان لەسەر نەجەف کەم دەکاتەوە. جێگەی سەرنجە کە سیستانی، هەرچەندە لە عێراقە بەڵام ڕەچەڵەکی ئێرانییە و لە ناوخۆی ئێرانیشدا شوێنکەوتەیەکی زۆری هەیە. دوای خامنەیی، ئەگەری هەیە جەمسەربەندییەکە بە لای خۆیدا بشکێنێتەوە.
3. بۆ گرووپە "ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕەکان" لە عێراق و حزبوڵڵا لە لوبنان، خامنەیی تەنیا هاوپەیمان نەبوو، بەڵکوو "سەرچاوەی شەرعییەتی کۆتایی" بوو بۆ چەکهەڵگرتن. ترسی شیعە لێرەدایە: ئایا موجتەبا خامنەیی دەتوانێت ڕێبەرێکی نوێی "کاریزماتیک" بەرهەم بهێنێت کە بتوانێت نەک تەنیا لە تاران، بەڵکوو لە "بەیرووت و بەغدا"ش گوێڕایەڵیی بۆ دروست بێت؟ ئەگەر ڕێبەری نوێ نەتوانێت ئەو شەرعییەتە لاهووتییە بەرهەم بهێنێتەوە، ئەوە میحوەرەکەی ڕووبەڕووی قەیرانی ناسنامە دەبێتەوە و لە گرووپێکی عەقیدییەوە دەگۆڕێت بۆ گرووپێکی میلیشیاییی ناوخۆیی کە تەنیا بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی شەڕ دەکات.
4. باوەڕ وەهایە ئیسلامی سیاسیی شیعی لە عێراق، کە ساڵانێکی زۆر پشتی بە قورساییی ئێران بەستبوو، بە نەمانی خامنەیی بەشێکی زۆر لە وزە و زەبری خۆی لەدەست دەدات. ئەم گرووپانە

ناچار دەبن زیاتر پشت بە "ڕەسەنایەتیی ناوخۆیی"ی خۆیان ببەستن نەک ئەو پشتیوانییە دەرەکییەی کە چوار دەیە بوو وەک دارشەقە بەکاریان دەهێنا.

5. سیناریۆی میراتگریی ئایینی کە لە ئێراندا خرایە ڕوو، وەک پێشینەیەک سێبەر بەسەر نەجەفیشدا دروست دەکات و دەبێتە جێگەی مشتومڕ؛ چونکە لە کاتێکدا سیستانی تەمەنی ٩٦ ساڵە، محەمەد ڕەزای کوڕی پلەی موجتەهیدی هەیە و جڵەوی ئۆفیسەکەی باوکی لەدەستدایە. لەمەودوا پرسیاری سەرەکی دەبێتە ئەوەی: ئایا ئەویش وەک موجتەبا جێگەی باوکی دەگرێتەوە؟

**دەرەنجامەکان**

نەمانی خامنەیی و هەوڵی جێگرتنەوەی بە میراتگری تەنیا گۆڕینی کەسایەتییەک نییە، بەڵکوو کۆتاییهاتنی مۆدێلی "ڕێبەرایەتیی ڕەها"ی خاوەن کاریزمایە کە بۆ چوار دەیە جیهانی شیعە وەلائییەکانی لە دەوری چەقێکدا کۆ کردبووەوە و لە سایەی ئەم گۆڕانگارییەشدا ئەم ئەگەرانە لە ڕێگای شیعەدان.

_ سیستەمی "ویلایەتی فەقیهـ" ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی وجوودی دەبێتەوە. پێشبینی دەکرێت شەرعییەتی "ئایینی و شۆڕشگێڕی" جێگەی خۆی بۆ شەرعییەتی "سەربازی و ئەمنی" چۆڵ بکات، چونکە توانای موجتەبا خامنەیی بۆ کۆکردنەوەی لایەنی ئایینی و سیاسی قورسە.

_ بە نەمانی خامنەیی، پێگەی مەرجەعییەتی نەجەف (مۆدێلی سیستانی) وەک مەرجەعێکی دوورەپەرێز لە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆ، چانسی بەهێزبوونی دەبێت. ئەمەیش شوێنکەوتووانی شیعە لە ناوچەکەدا بەرەو ناسنامە نیشتمانییە لۆکاڵییەکانی خۆیان دەگەڕێنێتەوە.

_ دەشێت بەرەی مقاوەمەی ئێرانی لە پاشکۆیەکی عەقیدییەوە بگۆڕێت بۆ "هاوپەیمانییەکی سیاسی". لێرە بەدواوە، ئێران دەبێت لە ڕێگەی بەرژەوەندیی هاوبەش و پشتیوانیی دارایییەوە گرووپەکان ڕابگرێت، نەک تەنیا لە ڕێگەی فەرمانی لاهووتیی و پێگەی هەرە باڵای خودی "وەلیی فەقیهـ"ەوە.

_ کێبڕکێی نێوان "میراتگریی بنەماڵەیی" و "سەربەخۆیی حەوزە" دەبێتە خاڵی وەرچەرخان. هەرچەندە سوپای پاسداران هەوڵی پاراستنی سەقامگیری دەدات، بەڵام درزی نێوان دامەزراوەی ئایینی و دەسەڵاتی سیاسی قووڵتر دەبێتەوە.

[1] الخميني، روح الله. *الحكومة الإسلامية في فكر الإمام الخميني*. إعداد: جمعية المعارف الإسلامية الثقافية، متاح على: https://2h.ae/kaNeF

[2] مركز الإشعاع الإسلامي. "ما معنى ولاية الفقيه، وما هي حدودها؟". [أونلاين]. متاح على: https://2h.ae/MXSSM

[3] غازي، وداد جابر، والبحراني، أمل عباس. "إيران وولاية الفقيه: قراءة في ضوء الدستور الإيراني." *مجلة المستنصرية للدراسات العربية والدولية*، المجلد ١٥، العدد ٦٣ (شباط ٢٠١٩): ١–٢٨. متاح على: https://2h.ae/EgPzK

[4] بڕوانە: سامر القنشاوي، قراءة في الدستور الإيراني: ولاية الفقيه فوق القانون." [أونلاين]. موقع درج

ميديا متاح على: [https://daraj.media/قراءة-في-الدستور-الايراني-ولاية-الفقي/]

[5] بي بي سي نيوز عربي. "خلافة خامنئي: كيف يختار مجلس الخبراء المرشد الأعلى في إيران؟." [أونلاين]. متاح على: https://2h.ae/vvNfq

[6] الموقع الرسمي لمكتب السيد السيستاني. "أرشيف الاستفتاءات: الشأن العراقي." [أونلاين]. متاح على: https://2h.ae/qdBMx

[7] الموسوعة السياسة. "ولاية الفقيه." [أونلاين]. متاح على: https://2h.ae/qwmWS

[8] علي المؤمن، مبدأ ولاية الفقيه بين النجف وقم." [أونلاين]. متاح على https://2h.ae/swfBH

[9] المعهد الدولي للدراسات الإيرانية (رصانة). "موقف النظام الإيراني من المراجع ورجال الدين المستقلين." [أونلاين]. متاح على: https://2h.ae/EKRmX

[10] الجزيرة نت. "مجلس خبراء القيادة الإيراني." *موسوعة الجزيرة*. [أونلاين]. متاح على: https://2h.ae/Doqya

[11] قناة الكاشف "فيديو مسرّب | جلسة اختيار السيد الخامنائي قائداً لإيران بشكل مؤقت." [فيديو]. يوتيوب، ١٤ يناير ٢٠١٨. متاح على: https://2h.ae/vdCWg

[12] الموسوعة السياسة. "ولاية الفقيه." [أونلاين]. متاح على https://2h.ae/qwmWS

[13] سي إن إن بالعربية. 2026. "ماذا قالت أمريكا وإسرائيل عن مجتبى خامنئي المرشد الأعلى الجديد لإيران؟". سي إن إن بالعربية، 9 مارس/آذار 2026 https://2h.ae/ikXyU

[14] موقع حفريات. "مجتبى خامنئي: وريث الظل." [أونلاين]. متاح على: https://hafryat.com/ar/blog]

[15] قناة الكاشف (Al-Kashif). "نار تحت الرماد ! | زعيم الحوزة الشيخ الوحيد الخراساني يهدد المسؤولين والبرلمان الإيراني." [فيديو]. يوتيوب، ١٤ يونيو ٢٠٢٠. متاح على: https://2h.ae/KzfHv

[16] نون بوست "تقرير تحليلي حول مراكز القوى في إيران." [أونلاين]. متاح على : https://2h.ae/tqVZr]